# سەربازە کوردەکانی سوپای عێراق لە بەغدا لەلایەن عەرەبەکانەوە وەك پێشمەرگە سەیر دەکرێن و دژایەتی دەکرێن

راپۆرتی هەڵگورد سەمەد



● لەدوای ئەوەی هێزەکانی عێراقیو سوپای هاوپەیمانان شکستیانهێنا لە دابینکردنی ئاسایش بۆ شاری بەغدای پایتەخت، مالیکی ناچاربوو بیر لە رێگاچارەی تر بکاتەوە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی بەغداو پلانێکی ئەمنی دانا، هەر لە چوار چێوەی پلانە ئەمنییەکەی مالیکیدا، داوا لە دوو لیوای کورد کرا کە بەشداریی بکەن.

یەکێکیان لە هەولێرو ئەوی تریان لە سلێمانی نیشتەجێبوون، لیواکەی هەولێر کە لیوای یەکی سەر بە فیرقەی ٢ی پیادەیەو لە وەزارەتی بەرگریی حکومەتی عێراقیو ژمارەیان ٧٦٦ کەسە لە (٢٥-٢-٢٠٠٧) بە رێکەوتن بۆ بەغداو دوای گەیشتنیانو خۆئامادەکردنیانو مەشقکردنیان بۆ ماوەی یەك هەفتە لە بەغدا، ٣/٦ دەستیانکرد بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە کوچەو کۆڵانەکانی گەڕەکەکانی شاری بەغدا، بەتایبەت ئەو ناوچەو گەڕەکانەی کە ئاساییکردنەوەیان درابووە دەست سەربازە کوردەکان کە بریتیبوون لە (حەی عامل، حەی مەلعانیە، سەبعە نیسان، حەی سەناعە، حەی خەلف، سوق مەرکەزیە، حەی جەمعیات، حەی مەجافی سی، حەی رەفاق، حەی حسین)، بە گوێرەی قسەکانی سەید تەها عومەر کە یەکێکە لە ئەفسەرەکانی ئەو لیوایەو شۆفێری ئەو هەمەرە بوو کە (T.N.T)یەکەیان لە



تەنیشت تەقییەوەو (لوقمان)ی تێدا کوژراو خۆیشی یەکێکە لە بریندارەکان، دەڵێت: "ئەم ١٠ گەڕەکە کە لە کۆنترۆڵی فەوجی ئێمەدا بوو و تا ئێستا لە ٩٠٪یمان کۆنترۆڵکردووه".

لەبارەی کردەکانی بەدواداگەڕان‌و پشکنین، سەید تەها دەڵێت: "ئێمە خاڵی پشکنینمان هەیە لە گەڕەکەکان‌و ئەگەر زانیاریمان پێبگات، ئامادەین بۆ پشکنین بچینە هەر گەڕەکێك کە لە سنووری ئێمەدا بێت، بۆ نموونە؛ ڕۆژێك زانیاریمان بۆ هات کە گوایە لە بینایەك چەند تیرۆرستێك هەن، کە چووین‌و باڵاخانەکەمان پشکنی (١٥-٢٠) گوللەتۆپمان دۆزییەوە لەگەڵ پێنج کیلۆ (T.N.T) کە ئامادە کرابوون بۆ تەقینەوە، بەڵام باڵەخانەکە کەسی تیا نەبوو، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەدا سەربازێکمان بریندار بوو".

هەروەها سەید تەها زیاتر دوا "تا ئێستا تەنیا یەك کەسمان گرتووە کە تیرۆرست بووەو تۆمەتەکەی بەسەردا ساغبووەتەوەو دواتر تەسلیم بە ئەمریکییەکانمان کردووە، ئەو کەسانەی بەو تۆمەتە لای ئێمە دەستگیردەکرێن لە بەغدا، دەیاندەینە دەست ئەمریکییەکان".

بۆ یەکەمجار لە دوای چوونیان بۆ بەغدا، ئەو (T.N.T)یەی کە تەقییەوە لە تەنیشت ئەو هەمەرەوە بوو کە ئەو لێیدەخوڕی‌و نەقیب لوقمان-ی تێدا کوژرا، سەید تەها خۆی ڕووداوەکەی بەمشێوەیە گێڕایەوە "ئەو کاتەی کە (T.N.T)یەکە تەقییەوە، دەچووین بۆ ئەوەی شوێنێك ببینین تا وەکو بارەگای لێ دابنێین، لە ڕێگا ئەو تەقینەوەیە بوو کە لە تەنیشت ڕێگا (T.N.T)یەك دانرابوو و لە کاتی تێپەڕبوونماندا تەقییەوە، هەرچەندە هەمەرەکەی ئێمە زرێپۆش(درع) بوو، بەڵام ساچمەکانی تەقەمەنییەکە، زرێپۆشەکەی بڕی‌و جگە لەوەی ئەو کوژراوەی لێکەوتەوە، چەند کەسێکی تریش بریندار بوون، دەڵێن ئەو(T.N.T)یە ماددەیەکی وای لەگەڵ تێکەڵ کرابوو کە ئاسن دەتوێنێتەوەو زرێپۆش دەبڕێت".

سیروان قاسم، یەکێکە لەو سەربازانەی ئەو لیوایە کە دوای دەرچوونی بڕیاری چوونیان بۆ بەغدا، ئەو وازیهێناوەو نەچووە بۆ بەغدا، دەڵێت: "خۆمان سەرپشك بووین لە چوون‌و نەچوون، زۆریان لە کەس نەدەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵیان بچێت، هەندێك سەربازی تریش لەگەڵ من وازیانهێناو چەند سەربازێکی تریان لە شوێنی ئێمەدا ناونووسکرد".

سیروان، هۆی نەچوونی بۆ بەغدا لەگەڵ لیوای یەکدا، بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە کەسوکاریان پێیان ناخۆش بووەو خۆشی تا ڕادەیەك بێزاربووە لە چەکداری، ئەو دەڵێت: "ئامادەم لە کوردستان ئەرکی سەرشانم جێبەجێبکەم، بەڵام ئامادە نیم بچم بۆ بەغدا یان هەر شوێنێکی تری عەرەبنشین".

ئەو پێیوایە ئەو شەڕەی ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە، نە بە هێزی سەربازیی‌و نە بە پۆلیسی عێراقی‌و هێزی هاوپەیمانان کۆتایی نایەت، چونکە ئەوە شەڕێکی مەزهەبی‌و تائیفییە لە نێوانی سوننەو شیعە.

هەڵدێر، ناوی خوازراوی یەکێك لەو سەربازانەیە کە نەچووەتە بەغداو نەیویست ناوی ڕاستەقینەی بنووسین، هەڵدێر کە کوڕێکی گەنجەو چەندین ساڵ پێشمەرگە بووە، دواتر چووەتە ریزی لیوای یەك‌و ئێستا وازیهێناوە، دەڵێت: "هۆکارەکانی نەچوونم بۆ بەغدا، دوو شتن، یەکەمیان؛ کەسوکارم ڕازیی نەبوون، دووەمیان؛ مووچەکەم زیادینەدەکرد ئەگەر بچووینایە، تەنها ٢٥٠ هەزار زیادیکردووە، واتە هەر سەربازێك ٧٥٠ هەزار وەردەگرێت، هەڵدێر زۆر بەڕاشکاوانە بۆ لڤین دەدواو دەیگوت زۆربەی ئەو سەربازانەی کە چوون، لەبەر موچەکە بوو، بەتایبەت کە گوتیان ئەگەر بچن بۆ بەغدا، مووچەکەتان زۆر زیاددەبێت، بەڵام بیریان لەوە نەدەکردەوە یان نەیاندەزانی لەوێ دەکەونە چ زەلکاوێکەوە، نەشارەزایی ئەو لیوا کوردانە لە بەغدا وایانلێدەکات کە بەئاسانی بکەونە تۆڕی تیرۆرستانەوەو ببنە نێچیرێکی بێباڵ‌و دەستەمۆ.

بە بۆچوونی هەڵدێر، بەدرێژایی مێژوو، عەرەب گۆڵی لە کورد کردووە، ناردنی ئەو سەربازە کوردانەش بۆ بەغدا، ئەمجارە کە کورد خۆی بە خاوەنی ئەو سەربازانە نازانێت، گۆڵێکی ترە کە مالیکی لە کوردی کرد.

لە کاتێکدا کە ئێمە خەریکی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بووین، لە چەند کەسێکی ئاگادارەوە ئەوەمان گوێلێبوو کە ئەو سەربازانەی کە بە مۆڵەتی دە ڕۆژ لە بەغداوە هاتوونەتەوە هەولێر، ژمارەیەکیان نەگەڕاونەتەوە، دوای ئەوەی مانگێك لە بەغدا بوون، ئەوانەی کە بە مۆڵەت هاتبوونەوە ژمارەیان ٢٤٠ سەرباز بوو، زۆربەی ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە سەربازن‌و ئەوانەشی کە گەڕاونەتەوە پلەدارەکانن، ئەبوزێد ڕەمەزان یەکێك لەو سەربازانەیە کە دوای مۆڵەت نەگەڕاوەتەوە بۆ بەغداو بەگوێرەی قسەی خۆی، هۆی نەگەڕانەوەی ئەوەیە کە ئەو خێزاندارەو لەبەر کەسوکاری ناگەڕێتەوە، ئەو دەڵێت: "لە بەغدا باری ئەمنیی زۆر خراپەو چاکبوونی زۆر ئەستەمە، بەڕاستی لە قازانجی کورددا نییە کە چووەتە بەغدا، چونکە عەرەبەکان زۆربەی ئەو کوردانەی لە هێزی وەزارەتی بەرگریی عێراقیشن، بە پێشمەرگە دادەنێن‌و دژایەتییان دەکەن".